www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا   27-11-2006 12:27

# سەرنجێکی بە پێوە لە نەوشێروان مستەفاو رۆژنامەی هاولاتی ... کەریمی کوێخا مەجید

ئەز یەکێك بووم لەو کەمە کادیرانەی کە لە دەسپێکی سالانی هەشتاکانەوە پێشمەرگەیەکی چالاکی نێو ریزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووم، زۆرن ئەو پێشمەرگانەی کە لە رۆژانی سەختدا بیرو بڕوای کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بە جورێك تێکەڵ بە خوێنمان ببوو کە واماندەزانی ئەوانەی لە دەرەوەی کۆمەڵەن دوورن لە بیری پێشکەوتنخوازی و نەتەوەخوازیو.... ئەو سەردەم وابوو ئێمە تەنها مژوولی بیری مارکسیەت و ماویزم بووین، بەلام کاتێك نەوشێروان کۆمەڵەی هەلوەشاندەوە، بڕیارمدا واز لە یەکێتیو کۆمەڵەو پێشمەرگایەتیش بهێنم و.... چیتر نەبمە قوربانی مەرامەکانی نەوشێروان، چونکە تێگەیشتم نەوشێروان هی ئەوە نییە لە دوای بڕۆیت و هاکا میزاجی سووڕا بە یەك ئیمزای قەڵپ دەتفرۆشێ، بۆیە دوای راپەرینیش هەر نەگەڕامەوە ناو یەکێتی و بوومە کاسبکاری ناو ماڵی خۆم، هەر وەفایەکیش بۆ ئەو شەهیدانەی لە پێناو بیری کۆمەڵە گیانیان بەخشیو دۆستی نزیك و هاوریی گیانی بە گیانیم بوون، رێگەم بە خۆم نەدا بچمە ناو یەکێتی (ئەو یەکێتییەی رۆژێك دێت بە درێژی رێبازو پێکهاتەکەی شی بکەمەوە) .

بەلام لە بیرتان نەچێ کە وازم لە یەکێتی هێنا سەدا سەد لەبەر ئەوە بوو کە نەوشێروان خیانەتێکی مێژوویی بەرامبەر کۆمەڵەو بیروباوەڕی کۆمەڵەو کادیرانی کۆمەڵەو ئەو هەموو پۆلە شەهیدەی کۆمەڵە کرد، نازانم نەوشێروان چۆن دەتوانی ئەو بارە تاوانە هەلگرێ، لە کاتێکدا دەبوو تا ئێستا بە دەیان جار داوای لێبووردنی لەو هەموو موریدەی کۆمەڵە بکردایە، بەلام هەیهو لێبوردنی چی، وەك شاعیری گەورەی کورد مامۆستا محەمەد ساڵح دیلان ی شاعیر لە مەقامێکیدا دەفەرموێ، ب (تاوان سەختە، تاوان باری گرانە.. بارکردنی لە ئەستۆدا هەرزانە... کام سەرگەورە، کام مل بەرزو بلندە... )

ئەوەشتان لە بیر نەچێ راستە وازم لە پێشمەرگایەتیو یەکێتی هێنا، بەلام لە خوێندنەوەو موتابەعەی سیاسیو بەکارهێنانی ئینتەرنێت دانەبڕام، هەر بۆیە کە ئەو نووسینەی هاولاتیم خوێندەوە کە دەلێت لە دوای کاك مەسعود سەرۆکایەتی بۆ نێچیرڤانە یان مەسرور؟ یەکسەر تێگەیشتم ئەو فیتنەیە نەوشێروانە دەیەوێ دروستی بکات و خەڵکی ساویلکەی پێ مژوولڕ بکات، چونکە بە راستی نەوشێروان بڕوای بە ئیرادەی کورد نییە و پێی وایە ئەو چۆنی بوێت دەتوانێ خەلك بەو ئاراستەیە مل بنی، کە بە رای من ئەمە هەلەیەکی زۆر زەقەو خەلك وشیاربوونەتەوە، مەحوی گەورە وتەنی (شوکر هوشیارە مەحوی تێدەگات دونیا خەراباتە.... )، زۆر جاریش نەوشێروان پاساوی قسەکانی خۆی بەوە هێناوەتەوە، دەیوت کۆمەڵە زۆرترین جەماوەرو باشترین کادیری هەبوو کەچی من بە ئیمزایەك خنکاندم و هەناسەم لەبەر بڕی، کەسیش ناتوانێ زیندووی بکاتەوە!!راستی وت دوای راپەڕین (کاکلە رەش) ویستی کۆمەڵە دروست بکاتەوە و بەیاننامەیشی دەرکرد، بەلام چی، یەکێتی گرتی و زۆریشی ئەشکەنجە داو کاکلە رەش تا ئێستاش بۆ خۆی دانیشتووە و بەلام سەر دلی دونیایەك داخ و کەسەرە. کوا ئەو هەموو شێرە کوڕانە لە کوێ بوون و بۆچی یەکێکیان ورتەیەکیان لێوەنەهات و کەس نەیوت کاکلە رەش شۆڕشگێرە پاکە ماندووە چۆن دەیگرن، بۆچی کەسی تر نارازی نەبوون بە هەلوەشاندنەوەی کۆمەڵەو بێ جورئەت بوون؟؟

نەوشێروان ئەوەی لەبیر چوَتەوە کە سەردەمی شارخ زۆر زۆر جیاوازە لە سەردەمی شار. ئەوەتا کاتێك نەشێروان بە نهێنی لە پشت رۆژنامەی هاولاتی دەوەستێو ئاراستەی دەکات بۆ دەرچوونی، خەڵك نەك هەر دەزانێت، بەڵکو لەسەریشی دەنووسن، کاتێك وتارێکی سەقەت فڕیدەداتە ناو رۆژنامەکە نووسەران و نیشتمانپەروەران لێی لە هەلادەدەن و حەقیقەتی ئەو کابرایە بۆ نەوەی نوێ دەگێڕنەوە، کاتێك نەوشێروان دژی یەکگرتنەوەی نێوان پارتیو یەکێتی دەوەستا، خەڵك سەرکۆنەی دەکردو دەیانوت دیارە

نەوشێروان هێشتا دڵی بەم هەموو شەڕی ناوخۆیە دانەمرکاوەتەوە، دەیەوێ جەولەیەکی دیکەی شەڕ دەستپێبکاتەوەو جەرگی دەیان و بگرە سەدان دایکی تر ببرژێنێ، کەواتە خەڵك وشیارە، کەواتە کاتێك نەوشێروان ئیعاز دەداتە هاوڵاتی فیتنەیەك بنێنەوە، ئەوا نەوشێروان و هاوڵاتیش دەکەونە بەر تیری خەڵك، ئەو خەڵکەی ئەوەندە تاڵی شەڕی ناوخۆی چەشتووە، رێگە نادەن یەك کەس درز لە نێوان ئەو دوو حزبە دروست بکەن، جا ئەگەر نەوشێروان لەبەر ئەوەی فەشەلی هێناوە لە سیاسەت و ئەو فەلسەفەیە پێڕەو دەکات کە دەڵێت، شتێك بۆ من نەبێت لیناگەڕێم خێری بۆ کەس هەبێت، ئەڵێم ئەوە سیاسەتی دیکتاتۆرەکانی جیهان بوو بە سەدامەکەی خۆشمانەوە، بەڵام بینیمان چارەنووسی دیکتاتۆرەکان بەچی گەیشتن.

لێرە پرسیارێك لە کاك نەوشێروان دەکەم، باشە وروژاندنی ئەم مەسەلەیەت لەبەرچیبوو؟ ئایابە راستی بەڕێزت هێندە لەبەرخەمی پارتیدایت؟باشە خۆ تۆ ئەندامی پارتی نیت، مەگەر لە ژێرەوە و لە رێکخستنی نهێنی پارتی کار بکەیت!!ئەی ئەگەر لە ناو پارتی ئەندام نیت و نە بە نهێنیو نە بە ئاشکرا کار بۆ پارتی ناکەیت، ئەم باسەت بۆچی وروژاندووە؟؟قابیلە هێندە خەمخۆری پارتی بیت؟؟ئەگەر خەمخۆریشی نیت و تۆش لە دەرەوەی پارتیت و کەسی دووەمی ناو یەکێتیت، کەواتە چاوت بەو یەکگرتنە هەڵنایەت و دەتەوێت بۆ خاتری میزاجی خۆت، گۆبەندێك بنێیتەوە، کە بە داخەوە کەس بەو دوعایەت ناڵی ئامین. بە راستی ئیمڕۆ شەڕفرۆشتن بە ئەم و ئەو باوی نەماوە و خەڵك قێزی لیدەبێتەوە، لە جیاتی دووبەرەکی فەرموو پرۆژەیەك پێشکەش حکومەت بکە بۆ جوانکردنی شارەکەت، فەرموو گەنجان بەم هەموو دەردەوە دەناڵێنن، پرۆژەیەکت هەبێت، ئەوە پانزەساڵە گەنجان روو لە هەندەران دەکەن و بەرێزیشت هەر دەنگت لێوە نایە. فەرموو بۆ ئەو هەموو دەردە کۆمەڵایەتیانە، بۆ ئەو هەموو کێشە ئابووریو سیاسیانە، بۆ مادەی 140، بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی، بۆ تێکچوونی شیرازەی کۆمەلڕ، بۆ... بۆ.. بۆ..

کوا پرۆژەکانت؟؟ کوا هەوڵەکانت؟؟؟، کوا کۆرو کۆڕبەستنەکانت، کوا بەرنامە تەلەڤزیۆنەکانت، کوا... کوا... کوا... ؟؟؟ ئەمەیە پیشەی مرۆڤی تێکۆشەر؟؟؟ شیعرەکەی بێکەسم بیر کەوتەوە، کە دەڵێت: گەر بەهەشت ببێتە جێگەی.... خوایە نەمخەیتە بەهەشت... هتد